# بۆ دووهاوڕێم ( شاپوور و قابیل)

لە پەنای قەڵاو منارەیا هەموو ڕۆژێ قەڵاو منارەیەکی تر ، سەرکەش تر، باڵاتر،پتەوتر

ڕەگی خۆیان لەناو دڵی ئەم شارەدا دادەکوتن. باڵای بە رزیان ،سیمای پڕهیواو خۆشەویستییان

خۆشەویستترلە منارە،لە قەڵا،خۆی دەکوتایە نێو ماڵە بێ دەرگاو پەنجەرەکانا

ماڵە بێ شوناسنامەو بێ ئازووقەو بێ نەوت و جلەکانا.

ئەم هاوڕێیانە هەموو ڕۆژێ..

لە ماڵی بێ سەلاجەو بێ پانکەو بێ تەلەفزیۆنەوە

لەو شوقەیەی ناو دڵی تەیراواوە ، وەک پەرداخە ئاوێ بە ناو قوڕگی ئاوارەدا شۆڕ دەبنەوە

هەموو ڕۆژێ پەنجەرەیەکی نوێ بە سەر دڵی ئاوارەدا دەکەنەوە.

شاپور باڵا بەرز،کەڵەگەت ، سفت و چالاک..

پێ یە پان و پۆڕەکانی لە سەر سنگی ئەم زەوی یە قایم و قایمتر دادەنێ .

هەر دەڵێی بەو زەوی یە دەڵێ یان دەتکەمە بەهەشتی مرۆڤ، یان ئەوەتا دێمە ناو سینگتەوە .

قابیل باڵا ناوەندی و تۆزێ ڕە قەڵەو سوێسکە ڕەو

لیڤیکسێکی لە ژێر هەنگڵ ناوەو سەرێ ئەم دیوو ، سەرێ ئەو دیوی شاپور دەکات .

شاپور ! ئەزانی ئەگەر وەک ئەوەی دەیڵێم ناوی ئاوارەکان زەبت کەین ،قەت تێکەو لێکە درووست نابێ..).

جار جارە بزەیەکی بۆ دەکات و هەنگاوەکانی قایم تر دەکات...

وا هەست دەکات هەنگاوێ درەنگتر بگاتە جێی مەبەست چرکەیەک زیاتر ئەم بەشەرانە لە مەئساتدا دەژین .

ئەوا دەڕۆن..وەک تەونکەرێکی ووردو شارەزا..

(مەنتکاوە بەحی عمال) و(حی عمال بە بەنسلاوە) وە دەبەستن،

(دارەتووبەباداوا) و(دییانە بەسلێمانی)یەوە دەبەستن،

دەبەستن و دەبەستن و دەبەستن.

هاتن وتیان:

بێکاران والێرەدان،

یەکە یەکە، لەکۆبوونەوە گشتی یەکانا

دەستیان گرتین،دەستمان گرتن

لەیەک ئالاین وەک تان و پۆ..

لە ئەیارا و هەشتی مارسا

لەهێرشی حکومەتە شڕەکەی هەرێما

بۆ سەر ئاوارەکانی دیانەو معسکری پێش پەرلەمانا

لە 19 ی 6 ی بێکارانا

لە نەبەردەکەی نەسیج و چیمەنتۆی سلێمانی ومەڕ مەڕی هەولێرا

لە خۆ پێشاندانەکانی دژ بە شەڕ

یەک سەنگەر ، یەک خەبات ، یەک هیوا

بەرەو پێش، بەرەو پێش، بەرەو پێش.

قوتابیانی ئەهلی قورەیش و نوێنەرانی جەهل و خورافە

سڵاوات لێدەرانی دوێنێ ی دیداری سەدام و

مونەفیزانی دڵسۆزی ئەمڕۆی ئەمیرەکانی خەلیج و ئیمامەکانی ئێران.

چەند ڕیش بزنێکی کەللە پووچ

وەک قەلە ڕەش لەسەر لوتکەی منارەکانیانەوە بێ شەرمانە

بانگێشتەی خنکاندنی هەموو دەنگێکی ئازادیان کرد.

18ی 4 بوو ، کات (10:00) ی .

چەند دەستێتێکی ڕەش ، ڕەش وەک مێژوویان

لەناو منارەی مزگەوتەکانیانەوە

وەکو : جرج ، سەگی خوێڕی شۆڕبوونەوەو

دایان بەلای دەستە بە خوێن سووربووەکانی (نەزیرعومەر)دا و

فوویان کرد لە دوو چرای گەشی هەزاران ئاوارە، هەزاران ژن، هەزاران کرێکار.هەزاران مناڵ...

هۆ دیوارە بەساڵاچووەکەی (یەکێتی بێکاران) و(ئاوارەکان)

(شاپوورو قابیل)ت نەناسینەوە،

ئەی بۆ .. ئەی بۆ..نەچەمایتەوە بەسەریانا.. ؟

ئەی بۆ نەبوویتە قەڵغانی ئەو ئازیزانە لە بەرانبەر ڕم بەدەستەکانی چەرخی بەردین؟

ئەو ڕم بەدەستانەی هەر تاڵە ڕیشێکیان بە خوێنی هەزاران (قابیل و شاپوور) ئاو دراوە .

بۆ بێدەنگی ؟

بیرت نایە؟ پێش چەند ساڵێ

تاکو ناوی ئاوارەو بێکارانت بەگەردندا نەکرابوو..کەس نەیدەناسیت

بیرت نایە؟ تا (شاپوور و قابیل)بەپێپلیکانەی دڵتا هەڵنەکشابوون

تۆ لە دیوارێکی مردوو مردووتر بووی

دەپێم بڵێ چۆن نەبوویتە قەڵغانی ئەو ئازیزانە؟  چۆن؟

بۆ بێدەنگی ؟ دەپێم بڵێ.. چۆن؟

ئا ..ئا تێتگەشتم بۆ ؟

تۆش لەبەر دڕندەیی ئەو جانەوەرانە ، تاسایت و هیچت بۆ نەکرا..

ئەزانم زۆرت پێ سەیرە لەوەی کە ئەمانە چ بەشەرێکن !

وەک شەمشەمە کوێرە، ئاشق بە تاریکین و  فوو لە هەموو چرایەک دەکەن .

قوتابخانە دادەخەن و حوجرەو مزگەوت دەکەنەوە !

مەڕ و ماڵات بەرەڵا دەکەن و ژنان دەبەستنەوە !

ئەمانە چ بەشەرێکن ؟!

هاوڕێیان !

بەمن مەڵێن!

شاپور کێ بوو ؟ قابیل کێ بوو؟

بڕوا بکەن باڵای وەسفم ،زۆر کورتترە، نزمترە، بچووکترە  لەباڵایان  .

ئەوان بەرزبوون، بەرز ژیان و بەرزیش مردن .

بڕوا بکەن ! باڵای وەسفم ،پاژنەی پێڵاویان تێپەڕ ناکا !

هاوڕێیانم

کاتێ ویستتان بییانناسن

گوێ لە من و حیزب مەگرن!

بڕۆن..

لەماڵەکانی ناو مەعەسکەری پێش پەرلەمان بپرسن

بڕۆن لە برسییەکانی قەڵای برسی (بەنسڵاوە)و(دارەتوو)و (مەنتکاوە)و دەیان شوێنی تر بپرسن .

بڕۆن لە (23) ماڵەکەی ناو (حەریقی دییانە)بپرسن .

بڕۆن لەو ماڵانە بپرسن کەسەرمای زستان خۆی لە درزی بلۆک و دەرگاو پەنجەرەی بەنایلۆن درووست کراوەوە دەکردە ژوورەوەو

تەقەتەقی لەدانی گەوەرەو بچووک دێناو چۆرە نەوتێکیان نەبوو بۆ خۆ گەرم کردنەوە، لەوانە بپرسن ..

بڕۆن لە دایکی کۆڵێ منالی  باوک ئەنفالکراو پرسن..

بڕۆن لە ئاوارەکانی کەرکوک پرسن..

ئەوانەی مونەزەمەکانی بەعس پێی نەکردبوون ، دەرگاکانی سەوزو زەرد پێیانی کرد .

بڕۆن لەوانە پرسن .

سلێمانی !

ئەوا دووئازیزی من، دووئازیزی ملیۆنان بەشەر..

بەزاماری لەباوەشی تۆدا نووستوون..

نەکەی بەڕەشەبا تووندوو تیژەکەت زڕخەویان کەی!

توو خوا نەکەی!

ماندوون..ماندوو

ساڵانێکە..ساڵانێکی دووروودرێژ

**چاووی حەوانەوەیان لێک نەناوە**

**تووخوا خەویان نەزڕێنی**

**تائەو ڕۆژەی سنوورەکان تێک دەشکێن**

**تائەوڕۆژەی ڕیش پانەکان لە گۆڕ دەنرێن**

**تا ئەو ڕۆژەی**

**کۆمەڵێ منالی چاوگەش**

**بەسروودیێکی نەرمی (سووپاس ئەی هاوڕێیان)**

**وە خەبەریان دێنن.**

**نەوزاد مەدحەت**

24 April، 1998